سودانی جێخت لەسەر پێویستی دەزینەوەی چارەسەری ئیشیی سەبارەت بە پابەندبوونە دارایییەکانی کوردستان دەکاتەوە



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی لەمیانی پێشوازیکردنی لە شاندکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان جێختیکردەوە لەسەر پێویستی دانانی چارەسەری ئیشیی، لە چوارچێوەی دەستوور و یاسادا، سەبارەت بە پابەندبوونە دارایییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بە پشتبەستن بە بڕگەکانی یاسای بودجە و بڕیاری دادگای فیدراڵی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بڵاویکردەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ سێشەممە، پێشوازی کرد لە شاندکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمان و تاوتوێی کێشەکانی پرسی نیشتمانی و بەرەوپێشچوونی جێبەجێکردنی بەرنامە خزمەتگوزاری و ئابووریییەکان لەلایەن حکومەتەوە کرا.

وتیشی لە میانی دیدارەکدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێختی لەسەر پابەندبوونی حکومەت کردەوە، بە جێبەجێکردنی خواستەکانی هاووڵاتیان و چاودێریکردنی کاروبارەکانیان لە سەرتاسەری عێراقدا، لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتییە یاسایی و دەستوورییەکان و ئەرکەوێت و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان.

هەروەها جەخت کرایەوە لەسەر پێویستی دانانی چارەسەری ڕیشەیی، لە چوارچێوەی دەستوور و یاسادا، سەبارەت بە پابەندبوونە دارایییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بە پشتبەستن بە بڕگەکانی یاسای بودجە و بڕیاری دادگای فیدراڵی، هەروەها جەخت کرایەوە لەسەر گرنگی پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز.

لە لای خۆیانەوە ئەندامانی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمان ئاماژەیان بە گرنگی پتەوکردنی ئەو سەقامگیرییە ئەمنی و کۆمەڵایەتییە کرد کە بەدەست هاتووە، لەگەڵ بووژانەوەی هەمەلایەنەی ئابووری و شارستانی و هەوڵەکانی حکومەت لە دەسپێکانی خزمەتگوزاری و چاکسازیدا و کاریگەریی ئەرێنییەکانیان لەسەر ژیانی هاوڵاتیان لە سەرانسەری وڵاتدا.